حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الشؤون العلمية

ژمارە: ١٦٩٢
ڕێکەوت: ٢ / ٦ /٢٠٢٥ی زایینی
٣ / ١١ /٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٥

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ (تەوەری چوارەم: کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/ ١) و کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٨٦٠٣) لە ٢٠٢٤/٥/٩ سەبارەت بە پاداشتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەلایەن هەڵگرانی نازناوی زانستی لەسەر میلاکی دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بڕیار درا بە:

یەکەم: دیاریکردنی بڕی پاداشتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی بۆ مامۆستایانی زانکۆ لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- ئەو گۆڤارانەی کە لیست کراون لە (Clarivate Analytics) فاکتەری کاریگەریان (Impact Factor) هەیە:

| Impact Factor | بڕی پاداشت بە دینار |
|---|---|
| ٠,١ – ١ | ٥٠٠,٠٠٠ |
| زیاتر لە ١ بۆ هەر پۆینتێک لە دەیان | ٢٠,٠٠٠ |
| ٦ و زیاتر | ١,٥٠٠,٠٠٠ |

٢- ئەو گۆڤارانەی کە لیست کراون لە (Scopus):

- ئەگەر گۆڤارێک لە (Scopus) تۆمارکرابێ و (Impact Factor)ی نەبێ:

| Scopus | بڕی پاداشت |
|---|---|
| Q٤ | ٣٠٠,٠٠٠ دینار |
| Q٣ | ٣٠٠,٠٠٠ دینار |
| Q٢ | ٤٠٠,٠٠٠ دینار |
| Q١ | ٥٠٠,٠٠٠ دینار |

ڕاگەیاندنی وەزارەت

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
ئیمەیل: sa.directorate@mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادي جاوشلي
ژ. تەلەفون: ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd

- ئەگەر گۆڤارێک لە (Scopus) تۆمارکرابێ و لەو پۆلینەی سەرەوە نەبوو، بڕی پاداشت (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار دەبێت.

٣- گۆڤاری زانکۆ باوەڕپێکراوەکان:

| شوێنی دەرچونی گۆڤار | بڕی پاداشت بە دینار |
|---|---|
| زانکۆ باوەڕپێکراوەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ٢٥٠٠٠٠ |
| زانکۆ حکومیەکانی عێراق | ٢٠٠٠٠٠ |
| زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی دەرەوەی عێراق بە پێی ڕێنمایی بەرزکردنەوەی زانستی ساڵی ٢٠١٦ | |

دووەم: لە توێژینەوەی هاوبەش پاداشتی توێژینەوە بۆ توێژەرەکان لە زانستە مرۆڤایەتیەکان تا توێژەری سێیەم دەدرێت و لە زانستە پەتی و سروشتیەکان تا توێژەری چوارەم دەدرێت.

سێیەم: مەرجە توێژەر ناوی ئەو دام و دەزگایەی کە لێی کار دەکات لەسەر توێژینەوەکە بنووسێت بۆ ئەوەی پاداشتی توێژینەوەی پێ بدرێت، ئەگەر ناوی زانکۆیەکی تریشی نووسی ئەوا نیوەی بڕی پاداشتی لە شوێنی کارەکەی پێ دەدرێت.

چوارەم: هەڵگرانی نازناوی زانستی میلاکی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت ناوی یەکێک لە زانکۆکان لەسەر توێژینەوەکە بنووسێت و پاداشتی توێژینەوەی لە لایەن دیوانی وەزارەت دەبێت.

پێنجەم: توێژینەوەی هەڵێنجراو بۆ هەر نامەیەکی ماستەر و تێزێکی دکتۆرا پاداشتی توێژینەوە بۆ (١) یەک توێژینەوە دەدرێت.

شەشەم: پاداشتی توێژینەوە بۆ توێژەر لەسەر ئاستی زانکۆ دەدرێت ئەگەر لە توێژینەوەیەک زیاتر لە یەک توێژەر لە زانکۆیەک بەشداربوون ئەوا بڕی پاداشتەکە بەسەریان دابەش دەکرێت، ئەگەر توێژەرەکان لە دوو زانکۆی جیاواز بوون پاداشتەکە لەلایەن هەردوو زانکۆیەکە دەدرێت.

حەوتەم: بۆ خەرجکردنی پاداشتی توێژینەوە دەکرێت توێژینەوەکە لە بەش تۆمار بکرێت جگە لە توێژینەوەی پێشکەشکراو بۆ کۆنفرانسی زانستی کە پێویستە بڕوانامەی بەشداریکردن لە کۆنفرانس هەبێت.

ڕاگەیاندنی وەزارەت